# تورکیا، یەکیتی ئەوروپا و جیاوازی بیروڕاکان

پاریزەر / هەڵکەوت حیکمەت مەلاعلی

سوێد. 29 9 2005



پێشەکی..

*لە حەقدەی دێسەمبەری 2004 دا سەرانی وڵاتانی ئەندام بوو لە یەکیەتی ئەوروپالە کۆبونەوەی بروکسل لە سەر* پێشنیازی کۆمیسیونی ئەوروپا بۆ دەست پێ کردنەوەی دانیشتنەکانی پەیوەست بە تورکیالە پاش مشتومڕێکی چڕوپڕ دواجار رەزامەندیان لەسەر دا. ئەم بڕیارە کۆتایی ڕەوندی سەخت و دەژوار و سەرەتای ڕیگایەکی سەختر و دەژوارتر و بە ئومێدی ڕوژگارێکی باشتر بۆ توکیا، هەروەها سەرەتای دەستپێکردنی قومارێك بوو بۆ یەکیەتی ئەوروپا.

تورکیاڕیگایەکی پەڕ لە هەورازو نشێوی و ماوەی چل سالی تێ پەڕاند تاوەکو لەو گفتوگۆیانەی کە لە سێ ئوکتۆبەری 2004 دا دەستی پێ کرد لایەنی کەم بۆ دە سالی تر خۆی بۆ چوونە نێو ئەو بەهشتەی کە ئەوان خەونی پێوە دەبینن ئامادە بکات. ئەم بڕیارە لە لای ئەوروپییەکان بە شێوەیەکی زۆر سادە دروست نەبوو بەڵکو لە واقیعدا ئەوروپای دوچاری دوبەرەکی کردو ئەم حالەتەش بە شێوەیەکی بەرچاو هەستی پێ دەکرا لە نێوان هاوڵاتیان وپارتەکان و کابینەکان و تەنانەت لە ئاست وڵاتانیشدا ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە هەندی بابەتدا لە نێوان گروپەکان و لیژنەکانی یەك پارتدا ڕیکەوتنی بۆچوونەکان نەبوو،

لە واقیعدا پاش شەڕی عیراق بابەتی بە ئەندام بوونی تورکیا خانەی دووەمی بابەتە سیاسیەکانی نێو کۆمەڵگای ئەوروپایی پێك دەهێنا، ئەگەر چی بڕیار دانی کۆمیسیون و پەرلەمانی ئەوروپا بە ئاراستەی پۆزەتیڤ بەلام نابێت بیروڕاو بۆوچونە دژەکان لە بەرچاو نەگیریت کە دوسەدو شەست و دوو رای دەژ و بیست وشەش رای بەتال هەبوو پیچەوانە بە ئاراستەی پۆزەتیڤدا دوسەدو نەوەد و یەك رایان بە دەست هێنا. قبول کردنی تورکیا بە نفوسێکی حەفتا ملیونیەوە کە زۆربەیان موسلمانن و یەکیکە لە هەژارترین وڵاتانی ئابووری جیهان و هەڵومەرجی جوگرافیای نیمچە ئەوروپایی و نیمچە ئاسیاوی بۆ هەندێك لە ئەوروپیەکان چانسێکی خامە و وە بۆ هەندێکی تریان کارەساتێکەو بە هیچ شێوازێك قەرەبوو ناکرێتەوە. بڕیاردان بە دەست پێکردنەوەی گفتوگۆکان بیروڕاو بۆوچونی نەیارانی تورکیا ناگۆڕێت.

یەکیەتی ئەوروپا ئەمروکە زیاتر بەرفراوان بووە بە هۆی بوونە ئەندامی هەندێ لە وڵاتانی دیکە کە زۆر بە ئاسانی و بە سادەترین شێوە بوونەتە ئەندام بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی سەرەتای دەستپێکردنی گفتوگۆکان تادەگات بە بابەتی بە ئەندام

بوونی تورکیا پڕە لە خارو خشل و بەربەست و بەم ئەندازەیە درێژ خایەن. لەم نوسینەدا سەرەتا هەوڵەکانی تورکیا بۆ بە ئەندام بوون، هۆکارەکانی تورکیا بۆ بە ئەندام بوون و ئەنجام دانی چاکسازیەکان،پاشان جیاوازی و دوبەرەکی بیروڕاکان هەر یەك لە ئۆپۆزسیون و نەیارانی تورکیا لە تەك ئەولایەن و گروپانەی کە ڕەزامەندن بە ئەندامیەتی بوونی تورکیا، شرۆڤە دەکەین.

هەوڵدانی درێژخایەنی تورکیابۆ بە ئەوروپایی بوون:-

هەندێ سەرەتای مێژووی پەیۆەندی بوونی تورکیا بە ئەوروپا دەگەڕیننەوە بۆ سەردەمی حکومەتی پێشتر واتە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، سەردەمێك کە هاوشان لە پال بەریتانیا و فەرنسادا دەژی روسیا شەڕی دەکرد،ئەوروپایی بوونی ئەم ولاتە پاش شەڕی جیهانی یەکەم و لە ناوچوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دروست بوونی تورکیای ئەمڕو بە شێوازێك کە زۆر بایخ پێ دراو بوو دەستی پێکرد لەو ساتەوە تاوەکو ئیستاشی لە تەك دابێت و پێش هەر ئامانجێکی دیکە ئەوروپایی بوون ئامانجی بنەڕەتی تورکیایە. کەمال ئەتاتورك بە پیڕەوی کردنی ئەندێشەی جیابۆنەوەی ئایین لە سیاسەت زۆر لە ڕوالەتەکانی ژیانی روژئاوایی واردی کۆمەڵگای تورکیا کرد کە زۆربەیان موسولمانن.
پەیۆەندی بنەڕەتی تورکیا لە تەك ئەوروپا و روژئاوادا بە کۆتای هێنانی شەڕی دووەمی جیهانی زیاتر لە ئاستی سیاسی و نیزامی و کۆمەلایەتیدا پێشقەچوونی لە خۆ گرت، لە ئاستی کۆمەلایەتی و ئابووریدا ئامادە بوونی هەزاران کریکاری تورك لە ئەوروپا و بە تایبەتی لە ئەلمانیا هۆکارێك بوو بۆ دروست بوونی جۆرێك لە پەیۆەندی دوو لایەنە لە ڕوویەکەوە ئەوروپا بە تایبەتی ئەلمانیالە توانای ئەو هەزاران کرێکارە تورکیانەی کە بە نرخێکی هەرزانتر کاریان دەکرد سودمەند بوو لە ڕوویەکی دیکەوە داهاتی ئەو کریکارانە سەرچاوەیەکی بەرچاوی بژیوی بوو بۆ تورکیا لە ڕووی سیاسی و نیزامیەوە ئەندامی بوونی ئەم ولاتە لە ناتۆ دالە سالی 1952 تورکیای لە مەداری ڕەوندی سیاسی نیزامی روژئاوایی و وەك دیوارێکی جۆدا و وەسیلەیەکی سیاسی بە کارهێنراو بوو بۆ بەربەست دروست کردن لە نفوزی کۆمەنیستی پێگەو سەنگی تورکیا لە سیاسەتە نێودەوڵەتیەکاندا هەمیشە لە هەڵ بەزین و دابەزین دابووە تا زۆر جاریش نەیتوانیوە هیچ ڕۆڵێك بگێڕیت هەر وەك چۆن لە پاش ڕوخاندنی بلوکی کۆمەنیستی بۆ ماوەیەك تورکیا گرنگی خۆی لە دەست دابوو، بەڵام لە دەیەی نەوەدەکاندا بە هێرش کردنی عیراق بۆ سەر کۆیت شەڕی یەکەمی کەنداو واتە ئۆپۆراسیۆنی هاوپەیمانان بە هەژموونی ئەمریکا بە ناوی گەردەلوولی بیابان ڕۆڵی تورکیا وەك کراسێکی هاوپەیمانی گرنگ بۆ رۆژئاوا کەوتە ژێر تاقی کردنەوە. پەیوەندی تورکیا بە یەکیەتی ئەوروپا وە پێش ئەویش کۆمەڵەی ئابووری ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دروست بوونی ئەو کۆمەڵەیە وە بە پشتیوانی شارل دوگل ئەم ولاتە لە سالی 1963 بە شێوەی ئەندامیەتی

وابەستەیی کۆمەڵگەی ئابووری ئەوروپا کە لەو سەردەمەدا تەنها لە شەش وڵات پێك دەهات جێگیر بوو وە پێش ئەویش لە سالی 1949 بە ئەندامیەتی ئەنجومەنی ئەوروپا وەرگیرابوو. تورکیا لە دەیەی 1970 دا دەیتوانی گفتۆگۆکان بۆ بە ئەندام بوونی دەست پێ بکات بەڵام ئەو کات ئەم چانسەی بە هۆی کۆمەڵیك فاکتەری سیاسی و ئابووریەوە ڕەت کردەوە ئەمەیش دەرهاویشتەی ئاستی تێگەیشتنی سەرانی سیاسی نەتەوەیی ئەو کاتی تورکیا بوو چونکە ئەوان لایەنگیری و جەختیان لە سەر نیزامێکی ئابووری پارێزراو دەکرد بو ئەوەی بتوانن بەرژەوەندی و دەسەڵاتەکانی خۆیان بپارێزەن و وە لایان وابوو کە کۆمەڵگای ئەوروپی یان یەکیەتی ئەوروپا کە لە وڵاتانی ئایینی مەسیحی پێکهاتوە و بە ئەندام بوونی تورکیا لەم نێوەندەدا بەرژەوەندیەکانیان دەستەبەر ناکات لە کاتێکدا کە یۆنان ڕکابەری تورکیا بوو هەنگاوەکانی لە ئاراستە کردن بۆ بە ئەندامی بوون لە یەکیەتی ئەوروپادا زۆر بە خێرایی و ئەکتیڤانە تێپەڕاندو ئەندامیەتی خۆی لەم یەکیەتیەدا مسۆگەر کرد. لە سالی 1987 دا تورکەکان دەرکیان بەوە کرد کە هەڵەیەکی مێژوویان کردەوەو بۆیە دواجار هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەڕینەوە نێو ئەم پرۆسەیەو خۆیان پەیوست بکەن بە بازاری ئابووری ئەوروپا کە خاوەن ئابووریەکی بە هێزو سەرکەوتوو بوو بەڵام کات تێپەڕی بوو وە تورکیا لەم ڕیڕەوەدا بە جێ مابوو. لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەی کە تورکیا بە بەردەوام لە دەرگای ئەوروپا دەدا بۆ بوون بە ئەندام وڵاتانێکی فرە توانییان ببنە ئەندام بەڵام پرسیار لێرەدایە ئاخۆ بوچی ئەندامیەتی تورکیا بەو شێوەیە پاش دەکەوێت و ئەم وڵاتە هەمیشە لە کۆششدایە بە هەر نرخێك بێت ببێتە ئەندام لە یەکیەتیەدا.

فاکتەرەکانی بوون بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکیەتی ئەوروپادا:-

لە سەر بنەمای بیرکردنەوەی تورکیا ئەندامیەتی بوونی دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری سیاسی، ئابووری ، کۆمەلایەتی لە وڵاتدا کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ دەستبەر دەکرێت وە هەندێکی تریان بە پەیڕوکردنی گۆڕانکاریەکان دێتە فەراهەم کردن. سیاسەت توێژەرانی تورکیا لەم ڕوانگەیەوە دێدیان وایە کە بە بوون بە ئەندام دەتوانن زۆر دەسکەوتی هەمەلایەنە بە دەست بهێنن کە خۆی لەم مەسەلانەدا دەبینێتەوە، بەرجەستەبوونی سەوابت و ئاسایشی سیاسی زیاتر، دروست بوونی هاوسەنگییەك لە کەم کردنەوەی دەسەڵاتی نیزامیەکان، بەردەوام بوون هەر چی زیاتر جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و دەسەڵات، کەڵك وەرگرتن لە خاسیەتەکانی ئابووری یەکیەتی ئەوروپا، ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری دەرەکی ، کەم کردنەوەی ڕیژەی بێ کاری، کەڵك وەرگرتن و گواستنەوەی زانیاریەکان و فەراهەم هێنانی بەرژەوەندیە ئابووریەکان، بێ کاریگەری کردنی هەر هەوڵێك کە دەژی تورکیا بێت بە تایبەتی یۆنانی ڕکابەر. لە ڕابردوودا تورکیاچانسی ئەندامیەتی لە

بازاری هاوبەشی ئەوروپادا لە دەست دا لەم ڕەوەندەشدا سۆپای تۆرك بەردەوام ڕۆڵیکی دەژی هەبووە لە هەمان کاتدا ژەنرالەکانی سوپای تۆرك توانیویانە هەموو جۆرە دەسەلاتیکی ئابووری و ئاسایشی چ لە نیۆخودا یان لە دەرەوەدا کۆنترول بکەن وە مێژووی ڕابردووی تورکیا گەواهێدەری ئەوەیە کە هێزە نیزامیەکان تا چەند لە تەدەخول و کاریگەریان هەبووە لە بەرتەسککردنەوەو دیاری کردنی دیموکراسی وە لە ڕیگای دەسەلاتی سەربازییەوە واتە کودەتا لە دەیەکانی 1960 ،1970 ،1980 ، بۆ چۆارچیوەیەك کە خۆیان پێیان پەسەند بووە. ئەگەر چی ئەو واقیعەی ڕابردوو لە سەردەمی ئەمڕودا جێگەی ڕزامەندی نیە و ناتوانێت پێگەیەك بۆ خۆی دروست بکات لەم ئاراستەیەدا سیاسەتمەدارانی دەژ بەڕەوتی نیزامی لە هەولدان بۆ سنۆردار کردن و کەمکردنەوەی دەسەلاتی ژەنرالەکان بۆچوونیان وایە کە بە ئەندامی بوون دەبێتە هۆی بەرجستەبوونی جۆریەکی نەوعی لە جیگیری سیاسی و ئاسایشی و یا خود دەبێتە هۆی نۆیبونەوەی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کەلتووری و هەروەها گەیشتن بە ئورگانە ئەوروپیەکان وەکو پەرلەمانی ئەوروپا،ئەنجوومەنی ئابووری ئەوروپا. ئەمانە هەموو ئەو فاکتەرانەن کە دەتوانن چانسێك بۆ تورکیا بەدی بهێنێت بەوەی کە بتوانێت کێشە سیاسیە هەلۆاسراوەکان وەکو قۆبرس و قەێرانە ئابووریەکان کیشەی نەتەوەی کورد لەو چۆارچێوەیەدا یەکلابکاتەوە. خالێکی تر کە ئەمڕوکە دەسەلاتدارانی تورکیا بەرامبەری زۆر هەستیارن بەربەست دروست کردنە لە زیندونەبوونەوەی ئیسلام گەریەتی تۆندڕوی بە تایبەتی ئەو جۆرەی کە لە هەندێ لە ولاتانی وەکو میسرو جەزائیر بەرچاو دەکەوێت چونکە بە بڕوای ئەوان ئەمە زۆر کاریگەر دەبێت لە ئاراستەیەدا.

چاکسازی :ـ

تورکیا بە لە بەرچاوگرتنی ئەو هۆکارانەی کە باسمان لێوەکردوە بە بڕوابوونێکی تەواو بەو دواکەوتنەی کە دوچاری هاتوە لە بە ئەندامیەتی بوون لە سالی 1999 بە پەیڕوکردنی دیبلۆماسیەتی بەردەوام و سوور بوون لە سەر بە ئەندامی بوون هەولی دا زۆر بە خێرایی کۆمەلێك چاکسازی سەرەتایی بکات چونکە کۆمیسیونی ئەوروپا و یەکیەتی ئەوروپا داوای چاکسازییان لە تورکیا دەکرد، لەم ڕوانگەیەوە تورکیا سەرەتای هەنگاوەکانی بە لابردنی سزایی لە سێدارەدان و بەخشینی ئەو مافانەی کە تایبەتن بە ئافرەتان ،چاکسازی لە بواری بەرەو بازاری ئازاد دەست پێکرد و لەم ڕیگایەدا تورکیا لە هەندێك کیشە و تەنگوچەلەمە خۆی رزگار کرد بەلام لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی کیشەی زیاتر بووە کە یەکێك لەوانە

ڕووبەڕووبونەوە لە گەڵ ئالۆزی دروست  کردنی هاوسەنگی لە نێوان دیموکراسی و ئیسلام گەریەتیدا و لە ڕوویەکی دیکەوە دەبێت هەموو هەنگاوەکانی دەوڵەت لە فۆڕمێکی دیموکراتیانەدا ئەنجام بدرێت. لە سالی 2002 دا کاتێك پارتی تەوسعەو عەدالەت توانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا لە یەکەم کاردانەوەی یەکیەتی ئەوروپادا ئەوە بوو کە وەتیان ئیمە ناتوانین ڕیگە بە وڵاتێك بدەیین کە لە لایەن پارتە ئیسلامیەکانەوە ئیدارە بکرێت. تورکیا زیاتر لە ماوەی حەفتاو هەشت سالدا زیادترین گۆڕانکاری لە یاساکانی سزادان لە سێپتەمبەری 2004 دا بە ئەنجام گەیاند ئەم گۆڕانکاریانەش دەرئەنجامی ئەو فشارو پالەپەستویانە بوو کە یەکیەتی ئەوروپا داوای دەکرد نەك دەرئەنجامی تێگەیشتن و باوەڕ بوونی خۆیان بە مەسەلەکە، گۆڕانکاریەکان خۆی لە بە زیاتر یاسایی کردنی حکومەت و بەخشینی مافی سیاسی و ئازادی بڵاکراوەو ڕاگەیاندن و برەودان بە مافەکانی مروڤ، ئەگەر چی ئیستاشی لە تەکدا بێت لەم بوارانەشدا هەتا هەنووکە یەکیەتی ئەوروپا گەش بین نیە بەم هەنگاوانە چونکە کەموکوڕی زۆری تێدایە.

*بەهانەی ئەوانەی لایەنگری تورکیا دەکەن لە بە ئەندامی بوونیدا* :-

ئەوانەی کە ئەمڕوکە ڕەزامەندن بە ئەندامی بوونی تورکیا لە یەکیەتی ئەوروپادا چ لە ئاستەکانی دەوڵەتی و حیزبی و جەماوەریدا هۆکارەکانی پەیوەست بوون بەم ئەندامیەتیە بۆ ئەم چەن خالە دەگڕینەوە..

ستراتیژیەتی تورکیا وەکو پێگەی جوگرافی، هێزی کاری هەرزانتر،بەشی تورکیا لە بەرگری کردن لە ئەوروپا، دواجار بەو پێیەی کە تورکیا بەشێکی ئەوروپییە، وە هەندێك لە لێکۆلەرەوان و سیاسەتمەداران بە ڕا و بۆچوونی جیاوازەوە لە سەر ئەوە کۆکن کە بە هۆی ئەو پەیوەندیە مێژووییەی کە تورکیا لە تەك ئەوروپادا هەیەتی و هەبوونی حکومەتێک کە ڕەزامەندە بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات و دیموکراسی، کاتی ئەوە هاتوە کە دەرگاکانی یەکیەتی ئەوروپا لە ڕووی تورکیادا

بکرێتەوە هەرچی هەندێکی تر پێیان وایە ئەندامی بوونی ئەم وڵاتە فاکتەریکە بۆ وەڵامدانەوەی نەزەرییەی ئەو تیروریستانە کە بۆچوونیان وایە کە ئاشتی نێوان ئایینی ئیسلام و مەسیحیەت و هاوکاری نێوانیان بە سەخت و دەژوارو دەزانن، هەر لەم ڕوانگەیەوە لایەنگرەکان باوەڕیان وایە کە سەرەتای دەستپێکردنی گفتۆگوکان چانسێکی گۆنجاو لەبارە بۆ ئەوروپیەکان کە نیشانی بدەن کە ئەندامی بوونی تورکیا دەیسلمێنێت کە مەسیحی و موسولمان نەك تەنها لە چەند وڵاتێکی وەکو بەریتانیا و ئەلمانیا و فەرەنسا دەتوانن پێکەوە بژین بەڵکو توانای ئەوەیان هەیە کە لە نێو یەك یەکیەتیدا پێکەوە بژین و بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان لە بەرچاو بگرن و وەڵامێکیش بێت بۆ ئەو ئیسلامیە تۆندڕەوانەی کە دەیانەوێت دەرزەکان گەورەتر بکەن. پەیڕەوانی بە ئەندامی بوونی تورکیا تەئکید لەوە دەکەن کە ئەم وڵاتە توانیویەتی مەرجەکانی ستراتیژیەتی خۆی بە گرنگیەوە بەپارێزێت و وە بە ڕوخانی بلوکی کۆمەنیستی لە یەکیەتی سۆڤیەت و ئەوروپای شەرقی نەك تەنها لە گرنگی کەم نەبۆوەتەوە بەڵکو پێچەوانە زیادی کردەوە و ئامازەش بۆ شەڕی کەنداو دەکەن کە بە گەردەلولی بیابان ناسراو بوو کە بە هۆی بنکەی ئینجرلیك کە لە نێو تورکیادا بوو بە کار دەهێنرا بۆ فڕوکەکانی هاوپەیمانان، جگە لەوەی کە ئەم وڵاتە جوگرافیایەکی نیمچە ئەوروپی هەیە و ئەمەش جۆرە ئیمتیازیکە بۆ تورکیا،هەروەها دراوسێ بوونی لە تەك هەر یەك لەم وڵاتانەدا ،ئێران، ئێراق، سوریا،ئەرمنستان، گۆرجستان، هەموو ئەمانە دەتوانێت فۆڕمێکی تازە بە نەخشەی جوگرافیایی و ستراتیژیەتی ئەوروپا ببەخشێت. تورکیا بە پەیڕوکردنی سیاسەتی دیپلۆماسیانە و بۆ ڕاکێشانی لایەنگری زیاتر بەرەولای خۆی ڕایگەیاند کە دەخۆازێت بۆ هێلی ئاسمانی وڵات ژمارەیەك فڕوکەی ئیرباس کە سی وشەش دانە بوون بە بەهای پازدەملیارد دۆلار بکرێت وە ئەم هەنگاوە لە واقیعدا بۆ دروست کردنی جۆرە هاوسەنگیەك بوو لە نێوان ئەمریکا و ئەوروپادا چونکە پێشتر پازدە فڕوکەی جۆری بوئینگ لە ئەمریکا کڕی بوو. لە بۆ ئەندامی بوونی تورکیا لە نێو

یەکیەتی ئەوروپادا جۆرەها ڕای جیاواز هەیە هەندێك زۆر بە سەختی و گرنگیەوە پشتیوانی دەکەن هەر وەك وڵاتانی بەریتانیا و ئەلمانیا و ئیتالیا، ئەلمانیەکان بە پێ ئەوەی کە زۆرترین ڕیژەی تورکی لە خۆ گرتەوە کە زیاتر لە دوو ملیون کەسە ئەم پشتگیری کردنە زیاتر لە لایەن حکومەتەکەی گیرهاردشرویدەر حاکمی سوشیال دیموکراتەکان و یاشکا فشیر  وەزیری دەرەوەی ئەلمانیا سەر بە پارتی سەوز دەکرد چونکە هەول دەدەن بۆ ڕاکێشانی دەنگی هاوڵاتیە تورکەکان لە نێو ئەلمانیادا ئەمە جگە لەوەی کە سەرکەوتنی خۆیان لە هەلبژاردنەکاندا بۆ دەنگدانی تورکەکان دەگەڕیننەوە، ئەگەر چی تاکو ئیستاشی لە تەك دابێت هیچ یەك لەمانە بۆ بە ئەندام بوونی ئەم وڵاتە لە ئایندەیەکی نزیکدا کەم تا زۆر هیچ جۆرە لێدوانێکیان بە فەرمی نیە وە هەمویان ڕیگەی گەیشتن بە ئەندامی بوون بە سەخت و درێژ خایەن دەبیینن وە دەبێت تورکیا لە پرۆسەی چاکسازی وڵاتدا بەردەوام بێت و هەنگاوی زیاتر و خێراتر بهاوێژێت و گفتۆگوکان مەودایەکی درێژخایەن دەخۆازێت و دەبێت بابەتە سیاسیەکان وکێشە هەلۆاسراوەکان چارەسەر بکرێن کە خۆی لە دابین کردنی مافە نەتەوەیەکانی گەلی کورد و مافەکان ئافرەتان و قەتل و عام کردنی ئەرمەنیەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و شوناسی قۆبرس  و ئازادیە کەسیەکان و ئازادی ڕۆژنامەگەری و میدیاکان دا دەبینێتەوە.

ڕاو بۆچوونی ئۆپۆزسیونەکانی تورکیا لە نێو یەکیەتی ئەوروپادا:ـ

لە تەك ئەوەشدا کە ڕەزامەندی کۆمیسیونی ئەوروپا و ڕای زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا و ڕەزامەندی سەرانی دەسەڵاتی یەکیەتی ئەوروپا بۆ دەست پێکردنەوەی گفتۆگوکان نیشان درا بەلام ئۆپۆزسیونەکان دەست بەردار نەبوون لە بەرهەلستکاری کردنی خۆیان ئەوان لە هەموو وڵاتانی ئەوروپایی و لە زۆربەی دەوڵەتەکان و پەرلەمانەکان و وە لە نێوان ئەحزاب و گروپەکان و چینە

جۆربەجۆرەكانی هاوڵاتیاندا بوون و پێگەی سەنگینی خۆیان هەیە چ لە نێو ڕەزامەندیترین وڵاتی ئەوروپا كە ئەلمانیایە تا دەگات بە بەر هەلستكارترینیان. ڕووبەڕووبونەوەی توركیا بۆ چۆنە نێو یەكیەتی ئەوروپا تەنها لە ئاستی سەرانی دەوڵەتەوە نیە بەلكو بە مێتودێكی فراوانتر و چڕتر لە ئاست خوارەوەشدا واتە لە نێو هاوڵاتیان دا بە ئەم بەرهەڵستكاریە زۆر بە ڕوونی هەستی پێ دەكرێت وە چاوەڕێ ناكرێت كە لە مەودایەكی دوور یان نزیكدا ئەم حالەتە بەرەو بەرژەوەندی توركیا بڕوێێتەوە، زۆر لە سیاسی كارە بەهێزەكان و بەدەسەلاتەكان لە فەرەنساو بەلجیكا وهۆلندا و كەسایەتی بەهێزی نێو ئەلمانیا و سەرۆكی پارتی دیموكرات مەسیحیەكان ( ئەنجیلا موركل) كە ئیستا ڕكابەری بەهێزی نێو پرۆسەی هەلبژاردنەكانی نێو ئەلمانیایە و توانی ڕیژەیەكی زۆر باش لە دەنگەكان دەستبەر بكات. زۆر لە سیاسەتمەدارانی كۆنی ئەوروپایی كە ئەمڕوكە خانەنشین بوون بەڵام لە هەمان كاتدا خاوەن نفوزن و ڕاپرسیان پێ دەكریت وەكو والری ژیسكاردستن سەرۆك كۆماری پێشوی فەرنسا كە كاری پڕ بایخی نوسینەوەی یاسای ئەساسی یان بنەڕەتی یەكیەتی ئەوروپای لە ئەستۆدا بوو دەڵیت بە ئەندامی بوونی توركیا واتە خۆیندنی فاتیحە بۆ یەكیەتی ئەوروپا ئەو لایەنگرانی توركیا بە دوژمنانی ئەوروپا پێناسە دەكات، هەرچی هەلموت ئەشمێت ڕاویژكاری پێشوی ئەلمانیا بە مێتۆدێكی زۆر ترسەوە باس دەكات دەڵیت ئەندامی بوونی توركیا واتە پەرش وبڵاوبۆنەوەی یەكیەتی ئەوروپا یان هێنانەخوارەوەی ئاستی یەكیەتیەكە بۆ ناوچەیەكی بازرگانی ئازاد.

هۆكارە بنەڕەتیەكانی بەرهەڵستی كردن لە بە ئەندام بوونی توركیا لە یەكیەتی ئەوروپا و سەرانسەری ئەوروپادا:-

ڕیژەی زۆری دانیشتوانی توركیا، كۆچ كردنی فراوانی هێزی كار بۆ ئەوروپا، موسولمان بوونی توركیا واتە ئایین، بارۆدوخی ئابووری ناپێویست، نەبوونی مافەكانی مرۆڤ و ئازادی تاكە كەسەكان و مافەكانی ئافرەتان، دەسەڵاتی سۆپا،

چارەسەر نەکردنی کێشەی نەتەوەی کورد و دابین نەکردنی مافەکانیان، بارۆدوخ و شۆناسی قوبرس، جیاوازی کەلتووری.

ڕێژەی دانیشتوان:ـ ئۆپۆزسیۆنەکان پێ یان وایە بە ئەندامی بوونی تورکیا لە نێو یەکیەتی ئەوروپادا ئەوا ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ڕوژانی هەینی دا ڕوو لە مزگەوت دەکەن زیاترە لە مەسیحیە پرۆتستانەکان کە ڕوژانی یەکشەمە بۆ کەڵێسا دەڕون وە لە یەك دەیەدا ڕێژەی دانێشتوانی تورکیا زیاتر دەبێت لە ڕیژەی دانیشتوانی وڵاتی ئەلمانیا، وە لە سیستەمی نوێ ڕاپرسی کردندا کە لە سەر بنەمای ڕێژەی هاوڵاتیانی وڵات جێگیر بووە، تورکیا لەم، ڕوەوە بە ئەندازەی هەژدە وڵاتی بچووکی یەکیەتی ئەوروپا لە ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەوروپی دا بە دەسەڵات ترین و گەورەترین پێگەی دەبێت لە نێو یەکیەتیەکەدا.

کۆچ کردنی ئیسلام:ـ کۆچ کردن یەکێکە لە گرنگترین و گەرمترین بابەتەکان چ لە ڕابردوودا چ لە ئێستا و داهاتوودا ژمارەیەك بۆچوونیان وایە بە بە ئەندامی بوونی تورکیا ساڵانە یەك میلیون هاوڵاتی زیاد دەکات لە سەر ڕێژەی دانیشتوانەکەی وە ئەمەش تراژیدیایەك دەبێت بۆ ئەوروپا. لە نێوان ئەوانەی دەژی بوون بە ئەندامی بوونی تورکیان کۆمەلێك پارتی ڕاستی سیاسی وەك پارتی ئازادی ئوتریش، میساقی باکووری ئیتالیا، پارتی جەماوەری ئوتریش و پارتی پێشکەوتنی نەرویج، هەموو ئەم پارتانە لە تەك ئەو پارتانەی کە هاوشێوەی ئەوانن لە ئەلمانیا و فەرەنسا و بەلجیکا هاوکاری سیاسی یان هەیە . هەروەها ڕووداوە تیرۆریستیەکان کە لە مەدرید و بەریتانیاو تیرۆر کردنی تئوون گوگ دەرهێنەر لە هۆلندا لە لایەن ئیسلامیە توندڕەوەکانەوە کاریگەری زۆری هەیە لە سەر کەم کردنەوەی پشتیوانی کردن و ڕوودانی هەر جۆرە ڕووداوێکی لەو بابەتە چانسی تورکیا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەم دەکاتەوە. ئۆپۆزسیۆنەکان تەنها لە پارتە ڕاستڕەوەکان پێك نەهاتەوە بەڵکو لە نێوان میانڕەوەکانیشدا بوونی هەیە وەکو سەرۆك وەزیرانی پێشوی فەرەنسا ژان پیر رافارین کە دەلێت ئیما نامانەوێت ئیسلام بە ناوی جیاکردنەوەی ئایین لە

سیاسەت خۆی بە نێو ڕوباری ئەوروپادا بکات. هەر لەم ڕوانگەیەوە زۆر لە هاوڵاتیانی ئەوروپی پێ یان وایە بە گشتی هیچ گرنگ نیە بۆ ئیمە تورکیا چاکسازی دەکات یان نەیکات بەڵکو ئەو وڵاتە نابێت ببێتە ئەندام لە یەکیەتی ئەوروپادا. نەبوونی ڕێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ و جێ بە جێ کردنی یاساکانی ئازارو ئەشکەنجەدان و نەبوونی ئازادی بڵاوکراوەکان هتد بابەتێکی دیکەی گرنگی نێو سەرانسەری ئەوروپا پێك دەهێنێت هانس گرت پاترینگ کەسایەتی گەورەی سەر بە پارتی جەماوەری ئەوروپا لە ئەلمانیا دەڵیت تورکیا نەك چاکسازی لە بۆارەکانی مافەکانی مرۆڤ و نەهێشتنی ئازارو ئەشکەنجە کردەوە بەڵکو بە بێ بەهاترین شێوە سەیری ئەم پرینسیپانە دەکەن و ئەندامیەتی بوونی دەبێت هۆکاری نەهێشتنی ئارامی و ئاسایش لە نێو یەکیەتی ئەوروپادا. مەسەلەی ئایین و کەلتوور دوو بابەتی دیکەی سەرەکیە لە نێو ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا ئەگەر چی ئایین و کەلتوور تا ڕادەیەکی زۆر تێکەڵاوی یەکترن و کاریگەریشیان لە سەر یەکتری دەبێت بەڵام دەکرێت هەر یەك بە جیا باسی لێوە بکرێت، لە زەمینەی ئایین و کەلتووردا یەکێك لە کەسایەتیە پایە بەرزەکانی کۆنفراسی ئەسقیفیەکانی کاتولیك رۆمی لە ئیتالیا بە ناوی ئەسقفی بتوری دەڵیت لە سەر یەکیەتی ئەوروپا پێویستە پێش ئەوەی باس و دەرگای گفتۆگو لە سەر بەئەندام بوونی تورکیا بکات پێویستە بە پلەی یەکەم گرنگی بە وڵاتانی وەکو ئوکرانیا و مولدافیا بدات کە کەلتووریان ئەوروپایە. فاتیکان باوەڕیان وایە کە ئایینی مەسیحیەت کاریگەری زیاتری لەسەر کەلتووری ئەوروپا هەیە بەم شێوەیە ئەو وڵاتانەی کە ئایینیان مەسیحیەت نیە بۆیە کەلتوورێکی زۆر جیاوازیان هەیە، ئەسقفی بتوری دەڵیت تورکەکان نەوەی کەلتوورێکی جیاوازن لە کەلتووری ئەوروپا.

هەندێ لە ئەوروپیەکان پێ یان وایە لە تەك ئەوەشدا کە تورکیا پرۆسەی چاکسازیەکانی جێ بە جێ کرد بەڵام دەبێت بیر لە ڕێگاو مێتودێکی دیکە بکرێتەوە لە جێ ئەندامیەتی بوونی تورکیا بۆ نمونە ئنجیلاموکل سەرۆکی پارتی دیموکرات

مەسیحی دەڵیت ئیمە دەتوانین تورکیا وەك شەرێكێكی باش سەیر بكەین ئەگەر چی تورکیا زۆر بە توندی دەژی ئەم جۆرە پێشنیارو گفتۆگۆیانەیە.

مافە نەتەوەیەكانی گەلی كورد و چارەسەر نەكردنیان و بێ بەشكردنیان لە سەرەتایترین مافەكان لە هەموو بوارەكانی سیاسی و كۆمەلایەتی و كەلتووری و نەژادی دا بابەتێكی دیكەیە ئەم پرۆسەیە پێك دەهێنێت ئەگەر چی یەكیەتی ئەوروپا بە ڕاشكاوی ناوی نەتەوەی كورد ناهێنێت بەلام پێ داگرتنیان لە سەر دابین كردنی مافەكانی مرۆڤ و كەلتووری و ئازادی كەسیەكان و ئازادی ڕۆژنامەگەری و میدیاكان مەبەستیان ڕیز گرتنە لە مافەكانی گەلی كورد، شوناسی قۆبرس و دان نان بەوەی كە یونانی قۆبرس وڵاتێكی سەبەخۆیە ئەگەر چی تا هەنوكە تورکیا ئەم وڵاتە بە فەڕمی ناناسێنێت.

ڕۆلی ئەمریكا لەم پرۆسەیەدا: ـ جۆرج بوش و هەروەها سەرۆكەكانی پێشوی ئەمریكا بە بوون بە ئەندامی تورکیا لە یەكیەتی ئەوروپادا پشتیوانی دەكەن وە ئەم پالپشتی كردنە بە ئاشكرا و بە بەردەوامی لە لایەن واشنتون لە سالی ڕابردوودا كاتێك ئەردوگان سەردانی ئەمریكای كرد وە چ كاتێك كە كۆبونەوەی سەرانی ناتۆ لە ئەستەمبۆل لە سالی 2003 دا لە زانكۆی گەلاتەسرای كە جۆرج بۆش تەئكیدی لە پشتگیری كردنی تورکیا كردەوە بۆ بە ئەندام بوونی لە نێو یەكیەتی ئەوروپادا. ئەمریكیەكان پێیان وایە بە ئەندام بوونی تورکیا دەبێت هۆی دروست بوونی پەیوەندی لە نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوادا لە لایەک وە لە لایەكی تر ئەوە پێشان دەدات كە جێبجێكردنی پرۆسەی دیموكراسی ڕۆژئاوایی لە كۆمەلگای ئیسلامی دا جێگای قبول كردنە ئەگەر چی ئەوروپیەكان بە تەدەخول كردنی ئەمریكا لەم زەمینەیەدا دڵخوش نین. ڕخنەگرانی ئەندامی بوونی تورکیا پشتگیری كردنی ئەمریكا و بەریتانیا لە ئەنكەرە بەوە دەبینن كە وڵاتێك بە دانیشتوانی حەفتا میلیونی خۆیەوە بەربەست دەبێت بۆ دروست بوونی ئەوروپای فیدرال لە ژێر سەركردایەتی بەرلین و پاریس دا.

له کۆتاییدا دەتوانین بڵێین تورکیا پاش چەندین ساڵ هەوڵدان و تێ کۆشان بۆ ڕازی کردنی سەرانی یەکیەتی ئەوروپا بۆ دەستپێکردنی دانوستانەکان توانی سەربکەویت ئەگەر چی تورکیا ڕێگایەکی دورودرێژ و سەختی لە بەردەمدایە و هەموو وڵاتانی ئەوروپی و ئەحزابی سیاسی بە ئەندام بوونی فوری تورکیا لایان پەسەند نیە و وە لەم ڕوانگەیەوە هەموو ئەوروپا هاوبۆچوونن.